کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

9-9-2007 21:44بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

d_kurd@hotmail. com

**ئەم هەمی د بێژین ئەڤە هرچە هێژا موحسین جوامێر د بێژیت ئەڤە دەوسە!! ... سادق سالح**

(هەمووومان دەڵێین ئەمە ورچە هێژا موحسین جوامێر دەڵێت ئەمە جێ پێیە) !!

کاکی جوامێر پێویست بە موجامەلە و دیبلوماسیەت ناکات. مرۆڤ دەبێت راستگویانە لە گەڵ بابەتێك کە مەبەستیە و کاری بۆ دەکات دانوستاندن بکات. جەنابت چوکت داناوە و بریاری خۆت داوە ئەوەی باسی کرمانجی سەرو بکات بە بڤە (مەترسی) دەزانی بۆ سەر زاراوی کرمانجی خوارو و دژی دەنووسی و زۆر هەست بە مەترسی دەکەی. هەروەها پێویست ناکات رۆژێك بڵێی فلان دەلالە و فلان حەیرانە و بارزانی یەکەم وای گوت و بارزانی دووەم وای گوت و کورد لە بەغا داوای زمانی کوردی کردووە، ئوجەلان ئەڵێت دایکم تورکە ئەمە هەمووی گوتوویەو قسەی سەرجادەیە و نیشانەی زانستی پێوە دیار نیە و بەم جورە قسانە ناتووانی سۆدمەند بێت بۆ خوێنەران. ئەو کێش و بکێشە پێویست ناکات نە ئۆجەلان نوینەری هەموو کوردستانە بە تایبەت کوردستانی باکووریش، نە جەنابت نوێنەرو بریاردەری زمانی یەکگرتووی کوردیت. ئەمە کێشەییکی زمان وانیە و پێویستە بە دیدێکی زانستیانە بۆی بچی ئەمە



کاری پسپۆرانی ئەم بوارەیە. چەندین جار من باسم کردووە کە ئەمرۆ پێویستە لە نێوان هەموو رۆشەنبیرانی کورد بە تایبەت پسپۆرانی ئەم بوارە و هەموو سەنتەرەکانی روشەنبیری و سەرکردایەتی سیاسی گفتوگۆیەکی جدی و بەرپرسانە و بەردەوام بکرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی بنەرەتی کە هەموو قەناعەت بەو بریارە بکەن. بەڵام نابێت لەم کارە عەجەلە بکرێت. جارێکی تر دەڵێم پێویستە هەموو پسپۆرانی کوردستانی لە هەرچوار پارچەی کوردستان لە بواری زمان لەم گفتوگۆ و بریارە بەشدار بن. ئەگەر چەندین سالیش پێویست بێت. کاکە جوامێر راستە کوردەکانی تورکیا چە ئەوانەی سەر بە (پەکەکەن) و چە ئەوانەی دەرەوەی (پەکەکەن) لە ماڵی خۆیان بە زمانی تورکی قسەدەکەن. بەڵام بۆ باسی ئەوە ناکەی یەکەمین تەلڤزیونی کوردی کێ دامەزرێنەری بووە؟، ئەنستیتوی کوردی لە بەرلێن و بەلژیکیا و ستوکهولم و فەرانسا کوردی کام پارچەی کوردستان بوون؟. بە ویژدانەوە وەڵام بدەوە ئەوەی کەلتوری کوردی بە جڤاکی ئوروپی ناساند کێ بوون؟. هەر لەیلا زاناتان لە بەرچاو بێت کە بۆ سەلماندنی زمانی کوردی لە پارلەمانی تورکیا بە زمانی کوردی سوێندی خوارد و کە بە دلنیایەوە ئەی زانی باجەکەی چەندە و هەموومان ئەزانی کە ئەو خانمە کوردە تێکوشەرە دەها سال لە زندانەکانی تورکە فاشیستەکان زندانی کرا. بەداخەوە ئێوەی بەرێز بە ووردبین تەنها بە دوای خاڵە نێگاتیڤەکانن و وا ئەزانی خەڵك گێلە و ئاگای لەم جیهانە نیە. ئەڵێی خوا کەریمە تا کوردستانی باکوور رزگار دەبێت راستە، بەڵام رەحیمیشە! من دڵنیام کە هێژا جوامێر سەرهاتەکەی مەلاو کورە پیرەژنەکە باش دەزانێت کە هەر رۆژ لە دایکی ئەپرسی دایە بۆ مەلا دێت بۆ لات؟ دایکی وەڵامی ئەدایەوە خوا کەریمە کورم.... !! بەڵام هەروەك ئاماژەتان بۆ کردووە کە کوردستانی باکوور رزگار

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

9-9-2007 21:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

نابێت و باوەرتان بە خەباتی گەڵی کورد نیە بێجگە لە کوردستانی باشوور، باشە ئەم خودا کەریمەی بۆ چیە؟.
-باوەر دەکەم وەڵامی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك بارزانی لە (2007-9-4) کافی بێت بۆ ئێوەی بەرێز و ئەوانەی وەك جەنابتان بیر دەکەنەوە لە مەڕ داواکاری ئەو خۆشکە پارلەماتێرەی کە داوای لە سەرۆك بارزانی کرد کە ئەو (بارزانی) چۆن قسە دەکات و چۆن خیتابی سیاسی دەردەبرێت ئەو جۆرە زمانە بکرێت بە زمانی یەکگرتووی کوردی کە وابزانم تەنها فونوتیکی سەرۆك بارزانی کرمانجی خوارو بێت و لە راستی دا کوردیەکەی زۆرناتەواوە. بەرێز موفتی ووتی: ئەم کارە ئەرکێکی سەختە و کاری پسپۆرانی ئەم بوارەیە و پێویستیمان بەکاتە. هەروەها سەرۆك بارزانیش وەڵامی دایەوە با عەجەلە نەکەین و خەلکی پسپور کاری بۆ بکەن ئەگەر چەندین سالیش دەوام بکات.
- کاکە جوامێر بۆ منت نووسیوە کە هاوخەباتین. هەموو کوردێك (em ،Chawani kak Sadiq giyan.. Heyran hawxebatin.. Hiwadarim rewsha we her bash bit.. M. Ciwamer کە بوچۆنێکی نەتەوی هەبێت هاوخەباتە.
بەڵام ئەوەی من ئەزانم من و تو هیچ هاوخەباتیمان نەبووە و لەو باوەرەم بوچۆنمان وەك یەك نیە چ سیاسی و چ نەتەوەیی. تو باس لە هەرێم و هەرێمچیاتی دەکەی. من باوەرم بەم شتە نیە. لە ژیانمان هەستم نەکردووە کە سەر بە کام ناوچەی کوردستانم و کوردایەتی لە هەموو شتێك پیرۆز تر بووە و پەست و دلگیرم لەو کەسانە کە هەرێم چیایەتی دەکەن وهیچ ناوچەو دەڤەرێك و زاراوەیێك بە سەر ئەوی تر ناسەپێنم و زۆر خۆشحاڵم کە بە کرمانجی خوارو دەنووسم و کرمانجی سەروش هەروەها. زانا و پسپور و بەرپرسانی بواری زمان هەرکات زاراوەیێك لە زاراوەکانی کوردی بریاریان لە سەردا و پارلەمان و حکومەت پەسەندیان کردو کردیانە بریار بەسەر هەموو کورد یان کوردستانی باشوور من خۆم لە سەر بان سەرم دادەنێم. بەڵام بە سەراحەت و هیچ حەز لە موجاملە ناکەم ئەوەی تو دەنووسی بونی هەرێمچیاتی دەکات و هەمیشە بزاڤ دەکەیت کە بلێیت فلان کەس یان فلان لایەن نەزانن و بی زمانن و نەخوێندەوارن و تۆوی جیاوازی دەچێنی بەکەیفی خۆت خەلك لە کوردبوون مارە و تەلاق دەدەیت. ئەوەی تو دەنووسی لێك دابراندنی کوردە وەك دوو نەتەوە. بەڵام هەمووومان کوردین و یەك میللەتین و هەمووومان پێکەوە زۆڵمان لێ کراوە و دۆژمن جیاوازی نەکردووە ئەمە سەرویە و ئەوی تر خوارویە و هەر بە ناوی کوردبوونمان ئێمەی قەتل عام کردووە. هەرچی بلێین تفی سەر ئەفرازە بۆ خۆمان دەگەرێتەوە. وڕچەکەش لە بەرچاوە و پێویست ناکات جێ پێمان پێ بلێی!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.